# هاوپشتیكردنی"رەحمان غەریب" بەشێكەلەخەبات دژ بەگەندەڵی!

سامان كەریم
zaryak@yahoo.com

ڕەحمان غەریبی ڕۆژنامەنوس، عادەتو پرنسیبێكی مێژویی گەورەو گرانی، حزبی شیوعی بە كوردستانیو عێراقییەوە شكاند. ڕۆژنامەنوسی ناوبراو لە بەرنامەیەكی تەلەفیزیونی كوردساتدا "چاوی سێهەم" جەسورانە ناوی هەندێ بەرپرسو خزمو ناسیاوی بەرپرسەكانی وت كە چۆن بەرپرسیارێتیو یەكێتی بوون بۆتە هۆی وەرگرتنی پارچە زەوی زیاتر، رەحمان غەریب تەنها ناوی ئەم كەسانەی ووت لەبەرانبەر حاكمی فعلی شاردا. لەهەر وولاتێكی دنیادا ئەمكارە ئاساییترین  مافێكە كە ئینسانێك هەیبێت، بەتایبەت كە سەر زمانو بنی زمانی سەرۆكەكانی عێراقو كوردستانو گەورەرە بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتداری كوردستان باسە لە بنەبڕكردنی گەندەڵی. رەحمان غەریب لە عورفی ئاسایی ئینسانێكی خاوەن حەقو ژۆرنالیستێكی بەویژدان زیاتری نەوتوە، بەڵام بۆ ئەندامو كادرو بەرپرسێكی حزبی شیوعیو بۆ حزبی شیوعی خۆی ئەم كارە بە ڕچەشكێنی بەحساب دێت. ئەو هیچ شتێكی زیادی نەوتوە لەهەرووڵاتێكدا بوایە كە یاسای مەدەنی زاڵ بوایە رەحمان غەریب موكافەئەی وەردەگرت، بەڵام لەكوردستان ئەمە بە زیادر ڕەویو پچڕاندنی خەتی سور بەحساب دەهێنرێت.

لەبەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا رەحمان غەریب، كەوتۆتە بەر هێرشێكی فراوانی حزبەكەی خۆیەوە. چونكە ئەم حزبە ئەوەتەی دروست بوەو پێشتریش حزبی شیوعی عێراقی بەتایبەت لەدوای ساڵی 1991وە تاقەتی "نا" وتنیان نەماوە ئەوان هەر فێری "بەڵێ" بوونو لەوەش زیاتر ئەركێكی تریان ئەوەبوە كە عەیب عارەكانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار داپۆشن، ئەمكارەی رەحمان غەریب زۆر عەجیبو تەحریفیانە !! دێتە پێش چاوی گەورە بەرپرسانی حزبەكەی. حزبێك كەتەنها مقەرو بارەگای هەیەو چەند سەد موچەخۆرێك. ئەگەر موچەكەیان ببڕن كە هیوادارم نەبڕدرێت لە بەر ئەوەی كە زۆربەی زۆریان هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوحزبە ماونەتەوە چونكە مانگانە موچەیەكیان هەیە، ئەوا نازانم حزبی شیوعی چی دەكاتو چی دەلێت؟! هێرش بۆ سەر رەحمان غەریب لەلایەن گەورە بەرپرسانی حزبەكەی خۆیەوە، دوو راستی گەورەتر نیشان دەدات لەكوردستان: لەلایەكەوە، ئەوەیە كە ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی سەرۆكەكانو بەرپرسە گەورەكانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار سەبارەت بە ئازادیو ئازادی ڕۆژنامەگەریو بیرو ڕاو شەفافیەتو دادگایی كردنی گەندەڵچیەكان هەر هەموو بڵقی سەر ئاوەو بۆ بەلارێدا بردنی خواستەكانی جەماوەری كوردستانە، بۆ هێوركردنەوەی رقو كێنەی ئەوانە دژ بەگەندەڵی، كە تەواوی ڕۆژنامەكانی كوردستانیش لەگەڵ ئەم ئاراستە سیاسیەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دا هاوبەشن. لە لایەكی دیكەشەوە ڕاستیەكی گەلێك مەینەتبار نیشان دەدات، ئەویش هەلومەرجی سیاسەتكردنی ئەو حزبانەیە كە كە لەبن دەستی هەردوو حزبی دەسەلاتداردا هیچ ئاسۆیەكی سیاسیان نیەو حزبایەتی بۆتە كاسبیو بژێوی ژیانیان. فشاریك كە حزبی شیوعی دەیخاتە سەر رەحمان غەریب ڕەنگدانەوەی فشارێكە كە لەو دیو پەردەوە بەسەر حزبی شیوعییەوەیە لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوە( دیارە لێرەدا یەكێتی نیشتمانی) وەكو محمدی حاجی محمود لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەل ڕادیوی هاوپشتی سەبارەت بە بێدەنگبونیان لە بەرانبەر گەندەلیدا وتی " لەترساو لەبرسا"ئەم واقعیەتە زیاتر بەسەر حزبی شیوعیدا دەسەپینریت تاكو بەسەر حسكدا.

هێرشو فشار هێنان لەلایەن حزبی شیوعیو هەر حزبێكی ترەوە بۆسەر رەحمان غەریب مەحكومەو پێویستە هەموو ژورنالیستە بەویژدانەكانی كوردستانو هەمو ئەوانەی بەفعلی دەیانەوێت باسی ڕاستیەكان بكەنو لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەگەریو ئازاد بیرو ڕادانو دژی گەندەڵین لە پشت رەحمان غەریبەوە بوەستنو پارێزگاری لەهەڵوێستەكەی بكەن، بون لەگەڵ رەحمان غەریبدا لەم ساتەوەختەدا مانای دژی گەندەڵییە. 2006/7/27